# ژیانێك-ی پڕ لە ئازار !

## "صلاح حاجی و ئەمیرە و عادل ناتۆ بە نموونە"

بەشدار عەلی

Bashdar_net@yahoo.com

ڕۆژ نیە لە بازار لە کوچەو کۆڵانەکان لە شۆستەو مزگەوتەکان لە پارك و باخچەکان, ویژدانمان ئازارمان نەدات, چەندە ڕاچڵەکێنەرە ئەو دیمەنانەی کە بەخوڕ فرمێسك لە چاوانماندا ئەبارێنێ, چەندە سەرسامە ئەو هەستەی سات لەدوای سات ئازار ئەچێژێ....زۆر ئەو مرۆڤانەی کە لە ژیانی نۆرماڵی ئینسانەکانەوە داباڕاون لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکارەوە, هەوڵئەدەین بەباس کردنی ئەم نموونانە ئەو هۆکارانەش ڕوون بکەینەوە.

صلاح حاجی یەکێکە لە مامۆستایانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر, شانۆکارێکی ئەکادیمی و کەسێکی خۆشەویست و ڕۆشنبیربووە لە ڕێگای ڕستە جوانەکانی لەسەر هۆڵی شانۆدا قوتابیەکانی پێی سەرسام بوونە, بەڵام ئێستا بەداخەوە ئەو مرۆڤە دووچارو ئاڵودە بووە بە مادەی کحولی, یەك ساتیش بەبێ جن و وێسکی و عارەق هەڵناکات و شێتانە سەرگەرمی‌نۆش کردنیەتی, ئیتر ئەم مرۆڤە کۆمەڵگاو دەسەڵات و حکومەت ڕەفزیان کردۆتەوەو ڕۆژانە لە چایخانەی مەچکۆ و شەوانە لە بن دیوارەکان و سەرقەلا بەبێ هۆشی ساتەکانی ژیان بەرێدەکات. بۆچی صلاحەکان هیوا بەوە دەخوازن کە لەم ژیانە دابڕێن و بچنە ناو دنیایەکی خەیاڵیی؟

ئەمە چ وەزعیەتێکە مرۆڤەکان ناچاردەکات خۆیان بێ هۆش بکەن و جەستەی ناسکیان دابرزێنن؟! لە کۆتایی ئەم نموونانە وەلامی ئەم پرسیارانەت دەست دەکەوێت. ئەمیرەش یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە ناچار بووە کە لەشی خۆی بفرۆشێت بۆئەوەی بتوانێت بژیت, لە سەرەتای گفتوگۆماندا گوتم: باشە خۆت حەز بەم جۆرە ژیانە دەکەیت؟ کەزانی من (مشتری) نیمەو لەگەڵ کێشەکاندا تێکەڵ بوومە بەدەم قوڵپی گریانەوە گوتی بڕوابکە براگیان ئەگەر بزانم نامکوژن و نانێك دەبێت بیخۆم چۆن خۆم دەخەمە دەستی ئەو دێوانەی کەوەکو نێچیر پەلامارم ئەدەن؟ من ڕۆژانە چەندین جار دەمرم و دەژییمەوە, ناخۆشترین ساتەکانی ژیانم ئەو کاتانەیە کە ئەو دێوانە دێنە لام. ئەوە چ ژیانێکە, مرۆڤەکان ناچار دەکات دەست بۆ لەشی خۆیان بەرن و ئازاری جەستەیی و دەروونی و ڕۆحی بچێژن بۆئەوەی تەنها بژین؟

عادل ناتۆش, گەنجێکی تری بەدبەختی ئەم مەملەکەتە وێرانەیە کە تاکو ئێستا زیاتر لە 200 جار هەوڵی دەرچوون بووە بۆ دەرەوە,بەڵام هەوڵەکانی سەری نەگرتووەو گەڕاوەتەوە ئێستاش ئامادەیە چەندین جاری تر ڕێگای کۆچ و هەندەران بگرێتەبەر بە گوتەی خۆی ئەم وڵاتە بۆ پۆلیس و ئاسایش و سیخورو فایلدارەکان و مێژوو ڕەشەکان جێ بهێڵێ! لەنیگای هەریەکێك لەمانەی باسمان کرد, لە فرمێسکە بە خوڕەکانی هەریەکێکیان, لەئاخو ئۆخەکانیان, لە دەنگە کزو لاوازو نارازییەکانیان, تەنها ژیانێك کە شایستەی مرۆڤ بێت, تەنها دیمەنێك کە چاوەکانیان ئازار نەدات, بەس بووە بۆ ئەوەی ئەوانیش لە سروشتی ژیان کردندا لایان نەدایە, بەڵام ئەوانەو سەدان و هەزارانی وەکو ئەمانە خۆری کوێ بەسەر خۆیاندا بکەن لە مەملەکەتێك چاویان بە ژیان هەڵێناوە هەر لە دەسەڵاتداران و بەرپرسانەوە بگرە تا دەگات بە یاساو دەستوور و داب و نەریت و ناعەدالەتی......هتد, ڕێگە بە مرۆڤەکان نادەن وەکو مرۆڤێك بژین و لە خۆشیەکانی ژیان بەهرەمەندبن.

فەرمانبەرێك, مامۆستایەك, کرێکارێك لە ساکارترین جموجۆڵەکانی نێو دائیرەکەی لە ژێر چاودێری و فشاردابێت و ئیهانەو سوکایەتی پێ بکرێت, گەنجێك هۆڵێك, باخچەیەك شك نابەرێ بە ئازادی لەگەڵ دڵدارەکەی ڕازونیازەکانیان تیا بگۆڕنەوە, سەرەتاترین خزمەتگوزاریەکان بۆتە یەکێك لە هیواو ئاواتەکانی خەڵك, دارزیوترین فەرهەنگیان لەنێو خەڵکدا زاڵ کردووەو ڕۆژانەش بەسەر سەری خەڵکەوە تۆخی تەکەنەوە, سەرباری هەموو ئەمانەش کۆمەڵێك دەست سوورو فایلدار بوونەتە هەمە کارەو خاوەن بڕیارو خاوەن هەموو شتە. ئیتر صلاحێك پەیمانگاکەی ئەویان کردە سەنتەرێکی حزبی, نەیانهێشت ڕستە جوانەکانی بەقوتابیەکانیدا بڵێتەوە, سوکایەتی ڕۆژانە چاوەڕوانی دەکرد.... ناچار بوو بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکات تا دووچاری ئەم وەزعیەتە ناخۆشە بوو. ئەمیرەیەك تەنها دینارێکی لە ماڵەکەی شك نەبردووە تا نانێکی پێ بکرێت, ڕۆژانە لەلایەن کەس و کاریەوە ئازاری دەروونی و جەستەیی دراوە, دەزگایەکی نەبینیوە بەرپرس بەرامبەر ژیان و چارەنووسی.... ناچار بەدوای هەموو دەروازەیەکدا گەڕاوە. عادلێك دوای مردنیشی مەترێك زەوی شك نابەرێ کە تیایدا بینێژن, ئەمە فەرهەنگ و داب و

نەریتانە ڕێگەی نادەن بە ئارەزووی خۆی جلێك لەبەر بکات، قژی شانە بکات، ئیتر ئەم وڵاتە چ مانایەك لەنێو هزری ئەودا پەیدا دەکات؟!

# *ئازارێکی ڕۆژانە

هەموومان شاهێدی نارەزایەتی و گلەیەکانی کرێکار، مامۆستا، کاسبکار، شوفێر، فەرمانبەر، لاووگەنج و پیرو پەککەوتەکانی کوردستان هەین، بەشێوازو ڕێگاو میکانیزمی جیاواز ئەم هەستەی خۆیان دەردەبڕن، هەر لە خۆپیشاندان و مانگرتن بگرە تا دەگاتە پرتەو بۆڵەی نێو تاکسی و گازینۆو چایخانەکانەوە. بەرزبوونەوەی سەروەت و سامانی بەرپرسەکان و بەشێکی کەم لە خەڵك، بەشێکی هەرە گرنگی ئەم نارەزایەتی و پرتەو بۆڵەیە و نیگەرانیەکانی خەڵکی کوردستان پێك دەهێنێ، خەڵك نیگەرانن چەند ساڵێك بەر لە ئێستا هەموو ئەو کەسانەی ئێستا لەنێو ڤێلاکان شەوو ڕۆژ دەکەنەوە، لەنێو حەسیرو خانووی بە قوڕ دروستکراو لە گوندەکان دەخەوتن، خەڵك نارازییە و تووڕەیە لەوەی ئەو بەرپرسانەی پێش چەند ساڵێك گوێ درێژێکی باش نەبوو لێی بخوڕێ، ئێستا ریزێك لە مۆنیکاو سوپەرمارکێت و کۆمپانیای ریزکردووە.لە هەموو وڵاتێك چینە دەسەڵاتدارو کاربە دەستەکان تارادەیەك بەشێکی داهاتی وڵات بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن و سوودی لێ وەردەگرن، بەڵام هەرگیز لە هیچ وڵاتێکی سەرمایەداریش نەبووە کە بەم شێوەیەی لە کوردستان گوزەردەکات. ئاخۆ چۆن دەبێت لەماوەی چەند مانگێك بەرێوەبەرێکی گشتی دەبێتە خاوەنی هەموو شتێك؟ سەرۆك بەش و لیژنەی کرین و فرۆشتن و کارمەندێکی دەست رۆیشتوو.......... ژیانێکی شاهانەی بۆخۆی پێکهێناوە. ئەمە بێجگە لە وەزیرو جێگرەکەی و ئەندامانی پەرلەمان. ئیتر هەموو ئەمانە ویژدانی هەر مرۆڤێك ئازاردەدات و هەست بەنامۆیی یاخی بوون دەکات بەرامبەر بە هەموو شتەکانی دەوروبەری،بەرامبەر بە حزب بە حکومەت بە پەرلەمان بە ژینگەو بە کەلتوور و داب و نەریت و دەسەڵات. ئەم نامۆیی و یاخی بوونەش لە هەموو ئەوشتانەو تورەبوون و نارەزایەتیەکانیش لەسەرچاوەیەکی روونەوە سەرچاوە دەگرێ،گەنجێك دوای ژیانێکی قوڕبەسەری خوێندن و هەزارەها ناخۆشی، ئەگەر بەخت یاوەری بوو بە مووچەیەکی رەمزی دادەمەزرێ کە تەنها بەشی هەفتەیەکی ناکات بەمەرجێك کە کرێی خانووی لەسەر نەبێت و خێزانی پێك نەهێنابێ! ئیتر ئەم گەنجە تا ژیانی ماوە دەبێت خەون بە سەیارەیەکی خۆی ببینێ و بیر لە هیچ پرۆژەیەك نەکاتەوە. بەڵێ ئەم جیاوازییە زۆرە درزو قلشتێکی گەورەی دروست کردووە، سەرباری هەموو ئەمانەش وەڵامدانەوەی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵك بۆ مافە سەرەتایی و خزمەتگوزارییە ساکارەکان بە چەك و گوللە بۆ هەرچی زیاتر ئەم جیاوازییەی قوڵتر کردۆتەوە. عەلی وەردی نووسەری دەرونزانی عێراقی دەڵێ : (ئەگەر لە شوێنێك یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی نەبوو، دڵنیابە لە چێشتخانەکان شاگردەکان تف دەکەنە خواردن و خواردنەوەکان، ئەویش لەبەرئەوەی چونکە خۆیان خواردنەکە ئامادە دەکەن، بەڵام ناتوانن وبۆیان نیە بیخۆن...) ئیتر ئێمەش دەڵێین ئەو کاتە نیشتمان مانایەك پەیدا دەکات کە هەموومان بەبێ جیاوازی لەماف و ئازادییەکانمان یەکسان بین.